# سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران (خەبات)

## *Organizaton Of Iranian Kurdistan Struggle ( Khabat )*

## ٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ، ٦٠ەمین ساڵوەگەڕی کۆماری کوردستانە

www.sazmanikhabat.com

ئەو کۆمارەی بۆ یەکەمین جار لە بەشێکی خاکی کوردستاندا دامەزراو، بووە هیوای گەلی کورد بەتێکڕا. کۆمار کوردستان، بەرهەمی رەنجو ماندووبوونی گەلی کوردو ژمارەییێکی بەرچاو لە تێکۆشەرانی ئازادیو کوردایەتیو کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان بوو، ئەو تەشکیلاتو رێکخراوەیەی لەدڵی جەماوەری تینووی ئازادیی کوردستاندا ریشەی داکوتابوو، بەرنامەو پەیرەوەکەی لەگەڵ فەرهەنگو داوای کۆمەلآنی خەڵکی کوردستان یەکی دەگرتەوە.

بێگومان ناکرێ لەو بۆنە پیرۆزو مێژووییەدا هەڵوێستو ماندووبوونی پێشەوا قازی محمد وەك سەرۆك کۆمارو سەرۆکی دەوڵەتی کوردستان لەبەرچاو نەگرین.

قازی محمدی شەهید، سەرەڕای ئەوە تەجروبەی دەوڵەتداریو بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکە گەورەی نەبوو، بەلآم بەهۆی زانایيو لێهاتووییەوە توانیبووی لەماوەی نزیك بە یەك ساڵ دەسەلآتی کۆماری کوردستان، تەباییو برایەتی لەنێوان چینو توێژەکانی جەماوەری کوردستاندا درووست بکا. هەرچەند لە کۆتاییەکاندا ژمارەییێك لە ئاغاو سەرۆك عەشیرەتەکان هەوڵیاندا بەربەست لەبەردەم کۆماری کوردستاندا درووست بکەن، بەلآم ئەو هەولآنەش سەریان نەگرتو نەیانتوانی ببنە بەربەستی سەرەکی لە بەردەم کارکردو ئیدارەکردنی کۆمارو دەوڵەتی کوردستاندا، بەلآم خەڵکی کوردستان کە بە پەیڕەوو پرۆگرامی کۆمەڵەی "ژ ـ ك" ئامادەی موبارەزە کرابوو، بەدەست تێوەردانی یەکیەتی شۆرەویو گۆڕینی رێبازەکە جەماوەرێکی زۆری لێ سڵەمینەوەو بەتایبەت کە بێگانەکان کردبویانە تابیع بە کۆماری ئازەربایجانی ئازەریو شەخسی پێشەواو رێبەرانی پێ دڵسارد بوون وە شۆرەویەکانیش نیاندەتوانی تاسەر بمێننەوەو پشتیوانیی لێ بکەن کە ئاخری بەداخی گرانەوە هەرەسی هێنا. لەگەڵ ئەوەی کە زۆر کەم تەمەن بوو بەلآم شوێنەواری لەدڵی هەموو گەلی کورددا داناو بووە سەرمەشق بۆ موبارەزەی نەپساوەی گەلی کوردو ناوبانگی کوردو موبارەزە بۆ وەدەست هێنانی ئازادیو سەربەخۆیی بە هەموو جیهان ناساند. هەروەها بووە هۆی زیندووبوونەوەی زمانو فەرهەنگی کوردیلەدڵی جەماوەری کوردستاندا وە کۆماری کوردستان تایبەت بە هیچ دەستەو هێزو تاقمێك نەبوو، کۆماری کوردستان بۆ کوردو کوردســـــــتان بوو. بەتایبەت قازی محمدی سەرۆك کۆمار تایبەت نەبوو بە چینو دەستەییێك، قازی محمد باوەڕپێکراوێکی خەڵكو مامۆستاییێکی ئایینی ی بەڕێزو لە خانەوادەییێکی تێکۆشەر بوو، گرینگیو گەورەیی ی قازی محمد لەکاتی گیرانی بەدەست دەسەلآتدارانی شای دیکتاتۆرەوە باشتر دەرکەوت. ئەو رۆژانەی قازی محمد لە زیندانەکانی رژیمی شادابوو، بەوپەڕی ئیمان بەخوداو بە ئازادی تێکۆشەرانەو چاونەترسانە لە بەرانبەر رژیمی دەسەلآتدارو بازجۆکانیدا راوەستاو لە شەهادەتو مەرگ باکێکی نەبوو و بە شەهادەت شانازیی دەکرد.

جێگای خۆیەتی لەڕۆژی مێژوییو نەتەوەیی ی ٢ی رێبەندان، ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کەم تەمەنی کوردستان سلآوو درود بنێرین بۆ هەموو ئەو تێکۆشەرانەی لە دامەزرانو راگرتنی کۆماری کوردستاندا دەوریان هەبوو بەتایبەت قازی محمدی شەهیدو کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان. هەروەها جێگەی خۆیەتی لەیادی ئەو رۆژە مێژووییەدا هەوڵ بدەین کارو هەڵوێستە چاكو بەجێ

کانی کۆمار بکەینە بەردی بناغەی کارو خەباتمانو هەوڵیش بدەین لە هەڵەو کەمو کوڕیەکانی کۆمار تەجروبە وەرگرینو جارێکی دیکە تووشیان نەبینەوە.

بێگومان لەو قۆناغەی جووڵانەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا گرینگترین کار، تەباییو برایەتیو هاوکاریی تێکڕای هێزو لایەنە سیاسیەکانی کوردستانو دوورکەوتنەوە لەهەوڵی بێ کەڵكو زیانباری وتووێژ لەگەڵ رژیمی ئاخوندی کە تائێستا دەرکەوتووە هەوڵدان بۆ وتووێژ لەگەڵ رژیمی ئاخوندی زیانی بۆ جووڵانەوەی گەلی کورد بەدواوە بووەو لەبەرانبەریشدا ئاخوندان قازانجو خێریان لێ دیوە. بەو ئومێدەی بەتەباییو یەکیەتیی تێکڕاییو بەهاوکاریی هێزە شۆڕشگێڕەکانو خەباتی جەماوەری ئێرانو کوردستان کۆتایی بەدەسەڵاتی رژیمی ئاخوندی بێنینو لەئێرانێکی ئازادو دوور لە دەسەڵاتی دیکتاتۆری بەئازادیو مافە بنچینەییو رەواکانمان بگەینو بەو ئازادیەش رۆحی شەهیدانی کوردستان، بەتایبەت شەهیدان پێشەوا قازی محمدی نەمرو هەموو هاوبیرانی شاد بکەین.

پیرۆزبێ یادی ٢ی رێبەندان ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان، یەکەمین نمونەی حکومەتو دەسەڵاتی کورد لە کوردستانی ئێراندا.

# سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران

**١٣٨٤/١١/٢ی کۆچی خۆری**